# مانگە شەو

**سمكۆ عەبدولكەریم**

دەمێكە گەیشتومەتە ئەو باوەرەی كە نووسین بە ئاراستەی سێیەم بۆتە شتێكی حەتمی و زۆر گرنگە لەم رووەوە هەموو ئەو نووسەرانەی وەك مۆدیلێكی جوانی نێو دەسەلآت و حیزب دەركەوتوون لەمەودوا موكرتر لە جاران لە ئاست رووداو و ئەو بابەتانەی رۆژانە لێرەو لەوێ روودەدەن قسەیان هەبێ ، ببنە پردێك بۆ بەیەك گەیاندنی راستی و ناڕاستییەكان ، چونكە دەمێكە مۆدێلێك سەری هەڵداوە لە لایەن كەسانێك كە خۆیان پێیان وایە نووسەری بێلایەن و سەربۆخۆن ، بەڕادەیەك لە خۆیان دەرچوونە ئامادەن لە بەرامبەر رەخنەیەك و راستكردنەوەی هەڵەیەكدا كە بە مەبەست بووبێ یان بەسەریدا تێپەڕی بێت ئاوێنەكەت بشكێنن ، ئەو ئاوێنەیەی زۆربەی جارەكان ئەو جۆرە نووسەرانە لە رێگەی ئەم ئاوێنەیەوە راستییەكانیان بۆ هەموو لایەك دەردەكەوێت و ئەو ماسكە گوومانا وییەی رووی راستەقینەی خۆی پێی داپۆشیوە لە روویدا هەڵدەماڵدرێ .

ئەگەر سەیری رەخنەی بە شێكی زۆر لە نووسەران بەكەین كە ئەمڕۆ بۆتە مۆدەیەك بۆ زیاتر خۆدەرخستن و تەمسیلكردن ئەوە دەگەینە ئەو راستییەی كە زۆرجار ئەو نووسەرانەی كە خۆیان وەك بێلایەن و سەربەخۆ و ئازاد دەرخستوە جیاوازییەكی ئەوتۆیان نەبێ لەگەڵ ئەو نووسەرانەی بە قەولی وان سەر بەدەسەلآت و حیزبن ، چونكە هەموو ئەو نوسین و بابەتانەی ئەوانیش بەدەر نییە لە تێروانینێكی دیاریكراوی سیاسی ، ئەو گرووپەی كە چەند مانگێگ خۆیان بەوەوە خەریككرد كە دەیانەوێ تەعەدای دەسەلآت بكەن و ئابلۆقەی راگەیاندنی سەر قەندیل بشكێنن لە تەمسیلكردنێكی سیاسی بەولاوە شتێكی دیكە نەبوو .

وەك چۆن ماوەیەكە چەند نووسەرو سایت و هەفتەنامەیكی دیكە كەوتونەتە هاش و هوشەوە بەزۆر دەیانەوێ بڵێن ئێمە سەگین بە مانگەشەو دەوڕین ، ئەگەر نا هەركەسێك ئەو قسەیەی مام جەلال وەك خۆی وەربگرێ دەزانێ ئەو ئیدیۆمەی سەگ بە مانگەشەو وەڕینە كێ دەگرێتەوە ، ئەوانەی بەراست لە پێناو بەرژەوەندی گشتی هاولآتیان دەنووسن و رەخنەی دروست لە دەسەلآت وحیزب دەگرن یان ئەوانەی بەردەوام بەسەر هەمووشتێكی جواندا دەرشێنەوە و تەنیا بۆ ئەوەی بڵێن ئێمەش هەین ، بەو بجووكییەی خۆیانەوە دەم لەهەموو شتێك وەردەدەن ، جیاوازییەكەش هەمووی هەر ئەوەندەیە ئەوەی پێشتر و ئێستا لە دیوەخانەكان دەوترا ئەو برادەرانە هاتوون هێناویانەتە سەر رووپەڕی رۆژنامە و گۆڤارەكان ، زۆرجاریش ئەو بابەتانە كە رووی مەجلیسیشیان نییە ، رۆژنامە ئەهلی و گۆڤارە ئازاد و سەربەخۆكانیش لە روویان نایێ بلآوی بكەنەوە ، لە رووپەڕی هەندێ لە ویب سایتەكاندا بلآودەكرێنەوە و دەبیندرێن .